**تەبلیغات ــ تەبلیغات، ئەفرین و کۆڵن!؟**

لە تاران لە مەیدانی فردەوسی هەموو ئێوارەیەک ژنێک جل وبەرگی سوور لە بەر دەبیندرا، ڕاوەستانی ئەو ژنە بە درێژایی ساڵەکان لە مێشکی هەر ڕێبوارێکدا پرسیاری ساز دەکرد، کە ئەو ژنە کێیە؟ بۆچی جل وبەرگی سووری لەبەردایە و بۆچی هەموو ئێوارەیەک لە کاتێکی دیاریکراودا لەوێندەرێ ماتڵ دەمێنێتەوە؟

لە شارەکەی ئێمە لە سەر کۆڵانێک لە تەنیشت تەپۆلکەیەک کەسێک بەیانی هەتا ئێوارە دادەنیشت و هەر دەم کتێب یان ڕۆژنامەیەکی بە دەستەوە بوو، ئەم وێنەیە هەموو ڕۆژێک بە درێژایی تەمەنی منداڵیم دووبارە دەبووە.

بە دوادەچوون بە شوێن وێنەی یەکەمدا دەریخست کە ئەو ژنە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە گەڵ دەزگیرانەکەی دێنە دەرێ، لەم شوێنە لە ناکاو دەزگیرانەکەی پێیدەڵێ، ئە لێرە ڕاوەستا هەر ئێستا دێمەوە، ئەوە دەبێتە دوا دیداری ئەو دوو کەسە و چاوەڕوانی هەموو ڕۆژان، بەشکو دەزگیرانەکە بگەڕێتەوە!
وێنەی دووهەم دەریخست کە ئەو کەسە یەکێک لە زانایانی ئایینی و زانستی شارەکەیە و کۆمەڵە مەبەستێک ئەوی وادار کردووە هەموو ڕۆژێک ئەم وێنەیە دووبارە کاتەوە.

لەم شارە ژنێکی بەساڵاچوو هەیە کە زۆرجار پلاکات بە دەست لە ناو بازاڕ دەگەڕێ، کە لە سەری نووسراوە" مەسیح ڕزگار کەرە" ئەم کارەی ئەو بە درێژایی ساڵاکان بوو بە هۆی ئەوەی زۆر کەسی دیکە، پیر و لاو کچ و کوڕ بەر دەوام دووبارەی کەنەوە. "مەسیح ڕزگار کەرە"!

هەر سێ وێنە، ئیدە بڵاو دەکەنەوە، وێنەی یەکەم و دووهەم جگە لە وێنە پرسیار دەخوڵقێنن. بڵاوکردنەوەی ئیدە و پرسیار خوڵقاندن کە لە دووبارەبوونەوەدا بەردەوام دەبێت، فەلسەفەی تەبلیغات پێک دەهێنن.
سەرجەم تەبلیغاتی ئەمڕۆی جیهان بازرگانی، سیاسی، دینی و ...بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو پێشکەوتنەکانی تەکنیکی، زانستی، دەروونناسی، هونەریی و مێدیایی لە سەر ئەم بنەمایە هەڵدەسوڕێ و مێشکی مرۆڤەکان داگیر دەکات.

وەک دەگوترێ هیچ مرۆڤێک لە جیهانی ئەمڕۆدا کالا ناکڕێ، بەڵکوو ئیدە دەکڕێ. مەک دۆناڵد بەر لەوەی خۆراک بێت ئیدەیە، ویندۆز بەر لەوەی سیستەمی کامپیۆتێر بێت، ئیدەیە، ترامپ بەر لەوەی کەسێک بێ، ئیدەیە، بێگوومان عەبدوڵا ئوجەلان، قازی محەممەد، قاسملو، بارزانی هەر کام وێنەی ئیدەکانن. ئەردۆغان، ئاتاتورک، ڕەزاشا، هیتلێر، مارتین لوترکینگ، لۆتر، لەنین، مائۆ، دایکە ترێزا،گاندی،ماندلا، دالای لاما هەر کام وێنەی ئیدەکانن.

دوێنێ لە شاری کۆڵن و زۆربەی شارە گەورەکانی ئوروپا "ئەفرین" ئیدە بوو. ئەفرین شارێکی ڕۆژئاوای کوردستان، پارچەیەک لە وڵاتێکی داگیرکراو، کە لە شەڕی ناو سووریە و شەڕی داعش بێ زیان مایەوە و خەڵکەکەی خۆیان ڕاپەڕین بۆ ئەوەی کاروباری خۆیان بەڕێوە بەرن و هێمنی و ژیانی خۆیان بپارێزن.

ئەم شارە لە لایەن سەرۆک کۆماری وڵاتێکی دیکە دەکەوێتە بەر هێرش لە عەرد و ئاسمانەوە، خەڵکی بێدەرەتانی ئاسایی گەورە و بچووک دەکوژرێن و دەوڵەتان و خەڵکی جیهان و زۆربەی مێدیا و ڕێکخراوەکانی لایەنگری ئاشتی و مافی مرۆڤ، منداڵ و چی وچی بێدەنگ دەمێنن و تەنانەت هاوپەیمانەکانی کوردان، لە حاند هێرشکەر بێدەنگ دەمێننەوە، یان هاوکاری هێرشکەر دەکەن و بە چەکی ئەوان هێرش دەکرێتە سەر خەڵک.

گەر ئیدەی ئەفرین ئەم بەسەرهاتەی لە پشتە کە لەسەرەوە باس کرا، دەبێ خۆپیشاندانەکانی ئیمە چ وەک تاکە کەس و چ وەک دەیان هەزار کەس چی لە خۆی بگرێ؟ دەبێ ئێمە چی بە خەڵکی ئەو وڵاتانە بڵێین کە بە شەقامەکانیاندا دەڕۆین و لە مەیدانەکانیان کۆدەبینەوە؟ دەبێ چ زانیاریی و چ ئیدەیەک بە مێدیا، بە حکوومەت، بە پارلەمان، بە حزبەکانیان و بە خەڵکی ئاسایی بدەین؟ دەبێ ئیدەی سەرەکی ئەم خۆپیشاندانە چ بێ، کە باس لە تراژێدی و خۆڕاگری دەکات و مەترسی وێرانی و کووشتاری گشتی خەڵکی لە سەرە؟ لە پاڵ ئیدەی سەرەکی، ئیدەکانی گرنگی ئەم خۆپیشاندانە دەبێ چ بن؟

ئەوەی ڕۆژی شەممە ٢٧ی مانگی ژانویە لە کۆڵن بیندرا، "خۆ"پیشاندان بوو، بە بێ سناریۆ، بە ڕێکخستنێکی ناتەواو و بە کەمترین ئیدە و بە ئیدەی نەگونجاو. خەڵکێکی باشی کورد، ترک، ئاڵمانی بەشداری خۆپیشاندان بوون کە هێندێک لەوان درووشمی خۆیان لە سەر کارتۆن نووسیبوو، "کۆتایی بێنن بە شەڕی ئەفرین، هەناردنی چەک بۆ تورکیە ڕاگرن".

بە پێچەوانەی پێشوو ئەمجارە گرنگترین ڕادیۆ، تەلەوزیۆن و ڕۆژنامەکانی ئاڵمان بەشداری خۆپیشاندان بوون و تەنانەت WDR لە ڕێگای فەیسبووک ڕاستەوخۆ وێنەی خۆپیشاندانەکەی ڕادەگوێست، ڕۆژنامەی گرنگی شار کۆلنەر شتات ئانسایگە بە پری باسی خۆپیشاندەنەکەی نووسیبوو، ڕادیۆی WDR5 لە چەند ڕۆژ پێشترەوە بەردەوام باسی خۆپیشاندنەکەی دەستپێکردبوو، کاناڵی یەک، دوو و RTL و زۆرێک لە کاناڵەکانی ئاڵمان ئاوڕیان لە خۆیشاندەنەکان دایەوە و هەر ئەوە دەریدەخات کە مێدیا و خەڵکی ئاڵمان دژی هێرشی تورکیا بۆ ئەفرین بوون و چاوەڕوانی ڕاگوێستنی "ویست و خواستی" بیست هەزار خۆپیشاندەر بوون.

ئێمە لە ڕێگای ئەم خۆپیشاندانەوە چ وێنگەلێکمان لە ڕێگای مێدیای ئاڵمان لە شاری کۆڵنەوە ڕەوانەی جیهان کرد؟ کام ویست، کام داخواز لە پلاکاتەکان و درووشم و عەلەمەکانی ئێمەدا، ڕەنگی دایەوە؟!

برایم فەڕشی